# ئاسوریەکان و هەوڵی داگیرکاری



Mar Benyamin Shimmun — Ismail Agha (Simko), — سەردار پشدەری

وەک کوردێک دەبێ کە خەوتی، لەسەر هەست بخەوی، هەر کە خشەیەک هات بەتەواوی چاو بکەیەوەو بزانی ئەو خشەشە چیە.

وا چەند ساڵێکە خشەخشی ئاسوریەکان لە کوردستاندا پەیدا بووەو ئەوانیش دەیانەوێ بەشێوەیەکی تر لەژێر ئالاو چەتری دەوڵەت و پەرلماندا نیشتمانەکەمان داگیر بکەنەوە.

ئاسوریەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، دوو پێناسەیان هەیە، پێناسەی یەکەمیان، پێناسەی خێڵایەتی و نەتەوەییە، پێناسەی دووهەمیان پێناسەی دینە.

وەک زۆرینەی سەرچاوە مێژویەکان نیشانیان داوە، لەدوای گۆڕانکاری مەناخی و توانەوەی بەفر لە ئەورووپاو ئازادبوونی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە ئاو، هەندێ خێڵ لەشوێنی جیا جیاوە هاتن بۆ نیشتەجی بوون لە ئەورووپاو رۆژهەڵاتی ناوەراست، ئەوەی ئێمە باسی لێوە دەکەین، سامیەکانن کە لە وڵاتێکی نادیارەوە هاتوون و لە کەنداو دابەزیون.




وەک لەو نەخشەیەدا دەیبینن، ئەو هەشت خێڵەی کە لەکەنداو دا دابەزیون، (چاڵدیان، ئاموراتیس، ئەکەدینس، بابلیۆنس، ئاسوریانس، پۆنۆکیانس، کەنعانیس، هیبرۆس) مێژوو ناوی ناون (سامی)، ئەو هەشت خێڵە دوای دابەزینیان لەکەنداو لە جەزیرەی عەرەبیەوە بڵاو بوون بە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا، ژمارەی خێڵی ئاسوریەکان لە هەموو خێڵەکانی تر زیاتر بووەو بەهێزتر بوون، ئاسوریەکان توانیویانە سەدان ساڵ بەرێوەبەراتی ئەو هەشت خێڵە بکەن، هەرچەندە لە پێش بەدیهاتنی دینی جولەکەو ئاسوری، ململانەیەکی زۆریان لەگەڵ خێڵی هیبرۆ بۆ دروست بووە لەسەر دەسەڵات و ئەو ململانەش تاکو ئێستا بەردەوامە لە ژێر پەردەی دینی جولەکەو مەسیحیەتدا.

ئاسوریەکان وەک هێزێکی بەهێزی ئەو سەردەمە دوای ئەوەی کە دەستیان بەسەر خواروی رۆژهەڵاتی ناوەراست داگرت، بەرەو سەروو هاتن بۆ داگیرکردنی ئەو خاکەی کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ کوردستان، دوای شەڕو ململانەیەکی زۆرو وکوشتنی ملوێنان باپیرانی ئێمە کە لەو سەردەمە ناوی جیاجیای وەک (گوتی و لولوبی) و دەیان ناوی تریان هەبوە، توانیویانە تەواوی کوردستانی گەورە بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە، دڕندەیی ئاسوریەکان لە وێرانکاری و کوشتنی کوردەکان تاکو ئەمڕۆ بێ وێنە بووە، کوردەکانیان بەزیندووی کردۆتە ناو قەفەزی شێرە دڕندەکانەوە بۆ

ئەوەی کە شێرەکان بیان خۆن، بارو دۆخەکە بەو شێوەیە مایەوە تاکو دروست بوونی میدەکان لە شەش سەدی BC دا، لێرەوە میدەکان لە ئاسوریەکان راپەرین و ٨٠% ی خاکی کوردستانیان لەدەست دەرهێنانەوە.

ئاسوریەکان کە خۆیان بە ئامۆزای عەرەبی ئەمرۆ دەزانن، لەو رۆژەوە بەشێوازی جۆراو جۆر هەوڵی داگیرکردنەوەی خاکی کوردستان دەدەنەوە، دوای بەدیهاتنی عیسا کە پیاوێکی مەسیحی بوو و دینێکی هێنایە ئاراوەو مەسیحیەکان ناوی ئەو دینەیان نا دینی مەسیحی، لێرەوە مەسیحیەکان جارێکی تر لەژێر چەتری دینی مەسیحیەتدا هەوڵی داگیرکردنەوەی خاکی کوردستانیان دەدا.

پەیدا بوونی دینی ئیسلام لەلایەن خێڵی بابلیون و تایفەی قورەیش، بوو بەهۆی رێگری لەدینی مەسیع لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، بەتایبەتی لەبەر ئەوە کە کوردەکان بوون بە ئیسلام، کوردەکان بەدینی ئیسلام لەدژی مەسیحیەکان راوەستان.

لەگەڵ ئەوەشدا کە مادەکان مەسیحیەکانیان لە زوربەی خاکی کوردستان بەدەرنا، بەڵام هەندێک لە ئاسوریەکان خۆیان دا بەدەست مادەکانەوەو بەبێ دەسەڵاتی لەناو کوردەکاندا مانەوە، هەر لەو رۆژەوە، ئەو ئاسوریە بێدەسەڵاتانە کە کەش و هەوای سیاسی لە ناوچەکە دەگۆرِرێ، لە کورد راست دەبنەوەو دەڵێن کوردستان خاکی ئێمەیە.

مار شەمعونی قەشەی مەسیحی، کە پاشماوەی ئاسوریە بێدەسەڵاتەکانی سەردەمی مادەکان بوو، لەگەڵ پەنجا هەزار ئاسوریەک لە ناوچەی هەکار لە نێوان عێراق و ئێران و توکیادا

دەژیان، بە هۆی دینەکەیانەوە خۆیان لە روس و فەرنساو ئینگلیزو ئەمەریکا نزیک کردبۆوەو دەیانویست بە پشتیوانی ئەوان دەسەڵات بەدەست بهێنن و کوردستان داگیر بکەنەوەو دەسەڵاتی ناوچەکە بەدەست بهێننەوە، ئەوەش عوسمانیەکانی ترساندو لە ١٩١٥ دا پەلاماری ئاسوری و ئەرمەنیەکانیان دا، مار شەمعون لەگەڵ دە هەزار ئاسوریەک رایکرد بۆ شارو ناوچەی ورمێ، کە جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا، مارشەمعون بە پشتیوانی روسەکان، وەک رەش مار هەڵسایە سەر کلک و دەیویست بەسمایلاغای سمکوە بدات خۆی بکاتە دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە، سمایلاغا ئەوەی بۆ قبوڵ نەکرا، لە مانگی 3 – 1918 پەلاماری ئاسوریەکانی داو مارشمعونی کوشت و ئاسوریەکانی تەرتو تونا کردن.

ئەو ئاسوریەی رزگاری بوو، خۆی گەیاندە کەرکوک و ناوچەی موسڵ، لەبەختی ئاسوریەکان لەو کاتەدا شەڕی ئینگلیزو کورد لەئارا دابوو، ئاسوریەکان لە دژی کورد رۆیشتنە پاڵ دەسەڵاتی ئینگلیزەوە، لەشکرێکیان دروست کرد بەناوی لەشکری لیڤیەوە، هەرچی لەدەستیان هات کردیان بەرانبەر بەکورد، لەو کاتەدا کە سەرەتای بەدیهاتنی تەیارە بوو، زیاتر لە ٥٠٠ کەسیان رۆیشتە قوتابخانەی ئینگلیزەوە بۆ فێربوونی تەیارە، دوای دەرچونیان، بوون بە فڕۆکەوان و زوربەی بۆردمانی کوردستان ئەو فڕۆکەوانە ئاسوریانە دەیانکرد.

ئاسوریەکان لەپاڵ لەشکری ئینگلیزو دەوڵەتی عێراقیدا رۆژ بەرۆژ خۆیان بەهێز دەکردو پەلاماری گوندی کوردەکانیان دەدا، ئەوش جەنەڕاڵێکی کوردی ناچار کرد کە لەناو لەشکری عێراقیدا بوو بەناوی بەکر سدقی لەمانگی 8 – 1933 دا لە گوندی (سیمیل) لە

نزیک موسڵ پەلاماری لەشکری لیڤی ئاسوریەکانی داو نزیکەی 3000 لێکوشتن و بو سەد ساڵ تەمبێیان بکات.

تێکەڵاوی شێخانی بارزان لەگەڵ ئاسوریەکان، قسەو باسێکی زۆری لەسەر هەیە، هەندێ سەرچاوە دەڵێن شێخانی بارزان پێشتر ئاسوری بوون و بۆ خۆ پاراستن بوونەتە ئیسلام، شێخ عەبدوالسەلامی بارزانیش کە لە عوسمانیەکان یاخی بووە، رۆیشتۆتە لای مارشەمعون لەناوچەی هەکاری، شیخ ئەحمەدی بارزانیش لەدەورانی شێخایەتیدا هەندێ فتوای داوە کە بە بەرژەوەندی ئاسوریەکان تەواو بووە، سایتی (wikipedia) دەنوسێ شێخ ئەحمەد وازی لە ئاینی ئیسلام و رێگای نەقشبەندی هێناوەو چۆتە سەر دینی ئاسوریەکان و بەراز خواردنی حەڵال کردوە.

http://en.wikipedia.org/wiki/Ahmed_Barzani

مەلامستەفای بارزانیش بێجگە لەوەی کە دوو راوێژکای ئاسوری هەبوو (جەرجیس فەتحولاو و فەرنسۆ حەریری)، باوشی بۆ ئاسوریەکان کردبۆوەو دەیپاراستن.

مەسعود بارزانیش لەو رۆژەوە کە دەسەڵاتی سەرەکی ئەو بەشەی خاورووی کوردستانی کەوتۆتە دەست، ئەوەی کاک مەسعود بۆ ئاسوریەکانی دەکات، ئاسوریەکان بۆ خۆیانی ناکەن، ئاسوریەکی زۆری لە هەموو بەشەکانی عێراقەوە هێناوەتە کوردستان و زەوی و زاری کوردەکانیان پێشکەش دەکات و لە داهاتی کوردستان موچانەی باشیان بۆ دەبڕیتەوە، بۆ خۆ شیرن کردن لەلای مەسیح دینەکانی دنیا، بۆ پاپای مەسیحیەکان دەچەمێتەوەو دەڵێ کوردستان وڵاتی خۆتانە، ئەوش وا دەکا ئاسوریەکان بەرەو

کوردستان کۆچ بکەن و لەژێر پەردەی لێقەوماندا خاکی کوردستان داگیر بکەنەوە.

h p://www.nuche.net/?p=3938

سەردار پشدەری

لەندەن 2 – 7 – 2011

http://www.kurd-oil.net